# چالاکیەکانی هاموون چۆن بەیاننامەیەکیان دەرکرد؟

چۆمان سابیر

خوێندکار ی زانکۆی سلێمانی

رۆژی **27-3-2005**لە زانکۆی سلێمانی رێکخراوی چالاکیەکانی هاموون بەیاننامەیەکی دابەشکرد بەسەرماندا . سەرەتا وامانزانی هەڵوێست دەردەبرین بەرامبەر کێشەی خوێندکاران و باس لە زانکۆی ئاینده دەکەن و پشتیوانی بۆ مانگرتنەکە دەردەبرن .بەڵام نەخێر وانەبوو.وەک ئەوەی ئاگایان لە حاڵی خوێندکاران نەبێت باس لەوە دەکەن کە ریگا بە گەنج بدرێت بچێتە پەرلەمانەوە.

ئێوە (رێکخراوی چالاکیەکانی هاموون)و رێکخراوە خوێندکاریە حزبیەکانیش گەنجن بەڵام هیچ هەڵوێستان نیە بۆ داخوازی خوێندکاران و بەیاننامەتان دەرنەکرد بەرامبەر بە بێرێز سەیرکردنی داواکانی خوێندکاران و تەقەکردن لێیان، هەربۆیە مەرج نیە کە گەنج چووە پەرلەمان و پۆستە بەرزەکانەوە کێشەکانی گەنج چارەسەر ببێت، ئێوە لەم پۆستە نزمانەدا پشتگیری لە داخوازیەکانی خوێندکار ناکەن ئەو کاتە چۆن پشتگیری دەکەن کە بکەون بە سەر نازونیعمەت و داهاتەکانی گەلدا لە پۆستە بەرزەکاندا، ئەگەر بریار وابێت کۆمەڵێک گەنجی وەک ئێوە بچنە پەرلەمانەوە ئەوا دنیای گەنج تەواو وویران دەکەن هەر بەناوی گەنجەوە گەنج دەکوژن و بەدبەختی دەکەن .جارێ لەگەڵ خوێندکارو گەنجان رێکوتەبابن ئینجا ئەو داواکاریانە بکەن و باس لە گەنج بکەن رامەکەن لە کێشەکانی ئێستا بە خەیاڵی پلاوی داهاتوو، چۆن رووتان دێت بەناوی گەنجەوە کاربکەن وبەیاننامە دەربکەن لەکاتێکدا هیچ هەڵوێستان نیە بەرامبەر کێشەکانی ئێستای خوێندکاران .

ئێوەی رێکخراوی بەناو سەربەخۆ ئەمرۆ تەواو ئاشکرابوون و ئیحراج بوون و نازانن چیبکەن، نازانن چۆن بەیانی خۆتان بکەن، ناتوانن لەگەڵ خواستی خوێندکاراندابن، چونکە نەمام و دەستکەلای حیزبن بۆ کۆکردنەوەو لە خشتەبردن و چەواشەکردنی خوێندکارو گەنجان بە ناوی رێکخراوی سەربەخۆوە ، کە بێهەلوێستیتان دەیسەلمێنێ چۆن نەوەیەکن .

ئێوە لە رێکخراوی چالاکیەکانی هاموون ئایا ئاگادارن و دەزانن کە ئەو هەموو خوێندکارە ماوەیەکی زۆرە مانیانگرتوە حکومەت گوێ بە داواکانیان نادات.دەزانن کە تەقەیان لێکراوە .دەزانن کە لە پێش هەڵبژاردندا کۆمەڵێک خوێندکار لە زانکۆی سلێمانی بەیاننامەیەکیان دەرکرد سەبارەت بە لابردنی جاش و کۆنەمستەشار لە لیستی کوردیدا بەڵام دەسەڵاتداران هەر گوێی لێنەگرتن و حسابیش بۆبەیاننامەکەیان نەکرا .لە ئێوە دەپرسم بۆچی رێز بۆ داخوازیەکانی خوێندکاران دانانرێت؟ ئایا هەر لەبەرئەوە نیە کە عەقلیان دکتاتۆرانەیەو پێیان وایە ئەگەر یەک داواکاری خوێندکاران سەربگرێ جیگایان پیلێژدەبێت .

لەوەدەچێت ئێوە بەم بەیاننامەیەتان بتانەوێت ئاراستەو گۆشەنیگای خوێندکارو جەماوەر بگۆرن کێشەی زانکۆی ئاینده وونبکەن تا لە بیربچێتەوە، هەر لەم بەیاننامەیەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەوەی گرنگ نەبێت لەلای ئێوە کێشەی خوێندکارارانە.